# پێشنیازە یاسای لێبوردنی گشتی لە هەرێمی کوردستان - عێراق

**ماددەی (١)**

یەکەم: لێبوردنی گشتی، هەموو حوکمدراوان لە بەندی و سپێردراوان لە فەرمانگەکانی چاکسازی کۆمەڵایەتی لە هەرێم (النزلاو و المودعون) دەگرێتەوە.

دووەم: ئەو تۆمەتبارانەی (المتهمون) لە کاتی چوونە بواری جێبەجێکردنی ئەم یاسایە، کێشەکانیان لە ژێر لێکۆڵینەوە یان دادگاییکردندان دوای ئەوەی حوکمی تاوانبارکردنیان پلەی بنبڕ وەردەگرێت، حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە.

**ماددەی (٢)**

یەکەم: سزای حوکمدراوان بە لە سێدارەدان، لەسەر ئەو کێشانەی کە ئاشتەوایی تێدا ئەنجام دراوە یاخود ئەنجام دەدرێت، بۆ سزای زیندانیکردنی کاتی (١٥) ساڵ کەم دەکرێتەوە، و ماوەی گرتن و حوکمی پێشویان بۆ هەژمار دەکرێت، بەو مەرجەی ئاشتەوایەکە لە بەردەم ئەو لیژنە یە ڕاستێنرابێت کە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە پێکدەهێنرێت.

دووەم:

١- سزای حوکمدراوان بە لە سێدارەدان، لەسەر ئەو کێشانەی کە ئاشتەوایی تێدا ئەنجام نەدراوە، بۆ سزای زیندانیکردنی هەتا هەتایی (٢٠) ساڵ کەم دەکرێتەوە، و ماوەی گرتن و حوکمی پێشویان بۆ هەژمار دەکرێت.

٢- سزای حوکم دراو بە لە سێدارەدان، لە ئەنجامی کوشتنی زیاتر لە یەك کەس، ئەوانەی زیاتر لە یەك حوکمی لە سێدارەدانیان بەسەدا سەپێنراو، بۆ (٢٥) ساڵ کەم دەکرێتەوە.

سێیەم: ئەو حوکم دراوانەی بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە، سزاکەیان لە سێدارەوە بۆ زیندانی گۆڕاوە، لە هیچ بارێکدا لە ئازادکردنی بە مەرج سوودمەند نابن.

چوارەم: ئەو کەسانەی کە سزای لە سێدارەنیان بۆ دەرچووە و تا ئێستا لە زیندانی چاکسازیدان، بە تەواو کردنی (٢٥) ساڵ سزای لە سێدارەدانەکەیان لەسەر نامێنێت.

**ماددەی (٣)**

یەکەم: لێبوردنی گشتی هەموو حوکمدراوان، لە بەندکراوان و سپێردراوان لە فەرمانگەکانی چاکسازی کۆمەڵایەتی لە هەرێم، سەبارەت بەو حوکمانەی کە لە لا یەن دادگا کانی هەرێم دەر هەقیان دەر چووە دەگرێتەوە، لەو دۆسیانەی ئاشتەوایی تێدا کراوە یان دەکرێت، و دەست بەجێ ئازاد دەکرێن، جگە لەو تاوانانەی کە لە حوکمەکانی ئەم یاسایە بە دەردەکرێن.

دووەم: سەبارەت بەودۆ سیانەی ئا شتەوایی تـ ێدا نەکراوە، ماوەی سزای حوک مدراوان، بۆ بە ندی بەرِ ێژەی (٣٠٪) و بۆ سپێردراوان لە فەرمانگەکانی چاکسازی کۆمەڵا یەتی بە رِ ێژەی (٤٠٪) لەکۆی ئەوماوەیەی کە لە سزا بنەرِەتییە کەدا هاتووە، و لەلا یەن دادگا کانی هەرێمەوە دەر هەقیان دەر چووە کەمدەکرێ تەوە، و ئەو ماوە یەی کە کەمکراوە تەوە وەك ماوەی بە سەربردوو لە فەرماند گەکانی چاکسازی کۆمەڵایەتی بۆ مەبە ستی ئازادکردنی مەر جدار هەژماردەکرێت، بە رِە چاوکردنی حوکمی (ماددەی ٢ /سێیەم) ی ئەم یاسایە.

سێیەم:ئەو تاواذ بارە هەڵاتووا نەی حوکمی پاشم لەیان لەدادگاکانی هەرێم بۆ دەر چووە و ئەو تۆمەتبارانەی هەڵاتوون، ئەگەر لەماوەی (٤) چوارمانگ لە چوونە بواری جێ بەجێکردنی ئەم یا سایە خۆ یان بەدە ستەوەبدەن ، ئەوا دوای ئەوەی رِ ێژەی ٣٥٪ کۆی حوکمە کەیان تەواودە کەن، و ئە گەر دەستگیر بکرێن لەو ماوەیەدا، ئەوا دوای ئەوەی ٥٠٪ی حوکمەکانیان تەواو دەکەن لە حوکمەکانی ئەم یا سایە سوودمەند دە بن، جـگە لە ئەنجا مدەرانی ئەوتاوانا نەی کە بەپێی حوک مەکانی ئەم یا سایە بەدەردەکرێن.

**ماددەی (٤)**

یە کەم: هەر بە ندی و سپێردراوێك کە سوودی لە حوک مەکانی یا سا یان برِ یارێکی لێ بوردن یان هەردووکیان وەرگرتووە، لەحوکمەکانی ئەم یاسایە سوودمەند نابێت.

دووەم: بەدەر لە حوكمی برگەی(یەكەم)ی ئەم ماددەیە:-

١- هەر بەندی و سپێردراوێك كە سوودی لە حوكمەكانی یاسا یان بڕ یارێكی لێبوردن یان هەردووكیان وەرگرتووە و ئاشتەوایی كردووە، لە حوكمەكانی ئەم یاسایە سودمەند دەبێت سەبارەت بە تاونێكی تر كە بە ئەنقەست ئەنجامی نەدابێت.

٢- هەر بەندی و سپێردراوێك كە سوودی لە حوكمەكانی یاسا یان بڕ یارێكی لێبوردن یان هەردووكیان وەرگرتووە و ئاشتەوایی كردووە، بە ڕێژەی جیاوازی نێوان سوودی ئەم یاسایە و یاسا یان بڕیارەكەی یەكەم، لە حوكمەكانی ئەم یاسایە سوودمەند دەبێت.

**ماددەی (٥)**

ئەو بەندی و سپێردراوانەی كە ماوەی حوكمەكەیان تەواو كردووە و بە هۆی ئەوەی تواناى گەڕاندنەوەی ئەو بڕە پارەیان نیە كە لە ئەستۆیاندایە و لە زینداندا ماونەتەوە، لە حوكمەكانی ئەم یاسایە سوودمەند دەبن بەم مەرجانەی خوارەوە:-

یەكەم: پێشكەشكردنی بارمتەیەك لەسەر موڵكێك یان چەند موڵكێك كە بەهاكەی لانیكەم ئەوەندەی بڕە پارەكە بێت.

دووەم: گێڕانەوەی ئەو بڕە پارەیە بە قیست بەپێی حوكمەكانی یاسای جێبەجێكردنی بەركار لە هەرێم.

**ماددەی (٦)**

لێبوردنی گشتی ئەو تاوانانەی خوارەوە ناگرێتەوە:-

یەكەم: تاوانەكانی هاتوو لە یاسای پاراستنی بیناو یان ئەوانەی لە گەڵ ڕێكخراوەكانی نەتەوە یەكگرتووەكان و ڕێكخراوەكانی مرۆیی كار دەكەن لە هەرێمی كوردستان ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٩٢ و یاسای سزادانی حیازە و دروست كردن و بەكارهێنانی تەقەمەنی ژمارە (٨)ی ساڵی ١٩٩٢ و یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٦ی هەمواركراودا.

دووەم: ئەو تاوانانەی دژ بە ئاسایشی ناوخۆ و دەرەوەی عێراق یان هەرێم ئەنجام دراون.

سێیەم: بازرگانی کردن بە دەرمان و خۆراکی بەسەرچوو و ماددەهۆشبەرەکان.

چوارەم: بەرتیل و ئیختیلاس و تاوانەکانی گەندەڵی هاتوو لە بڕگەی (حەو تەم)ی ماددەی (یە کەم) و ماددەی ( چواردەم) و ماددەی ( پازدەم) لە یا سای دە ستەی دە ستپاکی ژ مارە (٣)ی ساڵی ٢٠١١ ی هەموارکراو.

پێنجەم: ساختەکردنی دراو و کاغەزی پارە و بانکەنۆت (السندات المالیه).

شەشەم: کوشتنی ئافرەت بەبیانوی ناموس.

ماددەی (٧)

هەرکەسێك لە حوکمەکانی ئەم یاسایە سوودمەندبوو بێت، لە ماوەی (٥) ساڵ لە ڕۆژی چوونە بواری جێ بەجێ کرد نی ئەم یا سایە تاوانێکی بە ئەنقە ست ئەنجام بدات، ئەو حوك مەی بە سەردا دەسەپێنرێتەوە کە بەهۆی یاسای لێبوردن وەری نەگرتووە.

ماددەی (٨)

یەکەم: حوکمەکانی ئەم یاسایە بەسەر حوکمدراو و تۆمەتباران بە تاوانە سەربازییەکان بەپێی یا سای سزادانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژ مارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٠٨ و یا سای سزادانی سەربازی ژ مارە (١٩)ی ساڵی ٢٠٠٧ بەرکار لە هەرێمی کوردستان، جێبەجێدەکرێت، جگە لەو تاوانانەی کە لە حوکمەکانی ئەم یاسایە بەدەردەکرێن، بە ڕەچاوکردنی تەواوی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

دووەم: ئەنجا مدەرانی تاوا نەکانی هەڵاتن و ئامادە نەبوونی ئەف سەران و کارمە ندانی هێزە کانی پێشمەرگە و ئاسایشی ناوخۆ، ئەگەر لە ماوەی (٤) مانگ خۆ یان ڕادە ست نەکرد و دە ستگیر نەکران، ئەوا ئەم لێبوردنە دەیانگرێتەوە و بە پێی حوکمی ماددە کانی (٤١ و ٤٤)ی یا سای سزادانی هێزە کانی ئاسای شی ناوخۆ دەردە کرێن ( طرد)، و ئەم لێبورد نە ڕێ گر نـ یە لە بەردەم لێ سەندنەوەی هەر شایستەییەکی دارایی لە ئەستۆیاندا بێت و گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی پەیوەست بەهەر تاوانێکی تر.

سێیەم: لە هەر دادگایەکی هێزە کانی ئاسای شی ناوخۆ و داد گای سەربازی لیژنە یەك لە دوو دادوەر و داواکارێکی گشتی ، بەمەبەستی جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە، پێکدەهێنرێت.

ماددەی (٩)

یە کەم: بە مەبە ستی جێ بەجی کرد نی حوک مەکانی ئەم یا سایە، لیژنە یەك یان ز یاتر لە هەر ناو چەیەکی تێهەڵچوونەوە لە هەرێ مدا بە سەرۆکایەتی دادوەر ێك کە پلە کەی لە پ لە دوو کەمتر نەبێت و ئەندامێتی هەر یەك لە نوێنەری وەزارەتەکانی داد و ناوخۆ و کار وکارو باری کۆمەڵا یەتی و دە ستەی سەربەخۆی مافی مرۆ ڤ و سەرۆکایەتی داوا کاری گ شتی پێ کدەهێنرێت، و هەر لا یەنێك نوێنەری خۆی بۆ جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە، دیاریدەکات.

دووەم: ئەو بڕیارا نەی بەپێی حوک مەکانی ئەم یا سایە لەلا یەن لیژنەکا نەوە دەردە چن، لەلا یەن ئەندامی داواکاری گشتی یان کەسانی پەیوەند یدار، لە ماوەی (٣٠)ی ڕۆژ لە ڕێکەوتی دەر چوونیەوە، شیاوی تانەلێدان دەبن، بەم شێوەی لای خوارەوە:-

١- سەبارەت بە تاوانەکان ، لە بەردەم دادگای پێداچوونەوەی هەرێم، کە بڕیارەکەی بنبڕ دەبێت.

٢- سەبارەت بەکەتن لە بەردەم داد گای تێهەڵچوونەوە بە سیفەتی پێدا چوونەوە، کە بڕیارە کەی بنبڕ دەبێت.

سێیەم: دەبێت لیژنەکانی تایبەتمەند بە جێبەجی کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە ماوەی ڕاگرتنی ئەم کەسانەی کە حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە، هەژمار بکەن.

چوارەم: لیژنە کارەکانی خۆی لە ماوەی هەشت مانگ لە ڕێکەوتی دە ست دە ستبەکاربوونیەوە تەواو دەکات، و بە تەواو بوونی وادەکە لیژنەکە بە هەڵوەشاوە دادەندرێت.

پێنجەم: دوای تەواوبوونی ماوەی یاسایی لیژنەکە، ئەو کارانەی کە لە لایەن لیژنەکە ئەنجام دەدرا، بە داد گای تاوان لە پارێزگا کان دە سپێردرێت، و بڕ یاری ئەم دادگایا نە شیاوی تا نە لێدا نە لە بەردەم دادگای پێداچوونەوەی هەرێم.

**ماددەی (١٠)**

حوک مەکانی ئەم یا سایە، تەنها ئەو تاوانا نە دەگرێ تەوە کە پێش پە سەند کرد نی ئەم یا سایە، ڕوویانداوە.

**ماددەی (١١)**

پێویستە ئەنجومەنی دادوەری هەرێم ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە لە ماوەیەکدا کە لە (حەوت) ڕۆژ لە ڕێکەوتی چوونە بواری جێبەجێکردنییەوە، تێپەڕ نەکات، دەربکات.

**ماددەی (١٢)**

پێویستە لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی (١٣)**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمیی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**هۆیەکانی دەرچوواندن**

لە پێناو دووبارە دەرفەت پێدان بە حوکمدراوان و ڕاگیراوان بۆ گەڕانەوە بۆ ناو گۆمەڵگەو وەدەست پێکردنەوەی ژیانی ئاسایی، و بڵاوکردنەوەی گیانی لێبوردەیی و چاکسازی و ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی، ئەم یاسایە دەرچوێندرا.